
وەزارەتی دەرەوە سەرخۆشی لە حکومەت و گەلی ئێران دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕێئیسیەوە



ئەم دووشەممە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەرخۆشی خۆی بۆ حکومەت و گەلی ئێران دەربڕی بەبۆنەی کۆچی دوای ئیبراهیم ڕێئیسی سەرۆک کۆماری ئێران و حسێن ئەمیر عەبدولەهیان وەزیری دەرەوەی ئێران و هاوڕێیانیان، هاوکات پشتیوانی خۆی بۆ ئێران لەم کاتە سەختەدا دووپاتکردەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند,, سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵ بۆ سەرکردایەتی و گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک ئیبراهیم ڕێئیسی و وەزیری دەرەوە حسێن ئەمیر عەبدولەهیان و وەزیری دەرەوە و هاوڕێکانیان لە کۆتنخوارەوەی فڕۆکەکەیاندا لە باکووری ئێران ڕادەگەینین".

هەروەها وتی" وەزارەت هاوسۆزی حکومەت و گەلی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەم کارەساتە پڕ لە ئازارە دەردەبڕێت، وجەختی کرد کە عێراق لەم کاتە سەختە و خەساڕکی گەورەی سەرکردەکانیدا لە تێنیشت ئێرانەوە وەستاوە.